# لەپێناو دەرخستنی راستییەکان،
# ئامادەین تا دوا هەناسە بەرخۆدان بکەین

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی
germiki@gmail.com

ئاشکرایە هەر مرۆڤێك گەر بیەوێت گۆڕانێك لەچڤاکەکەیدا ئەنجام بدات. رووبەڕووی زۆر زەحمەتی جۆراوجۆر دەبێتەوە، بەتایبەت ئەمەش بووتە شتێکی باو لەرۆژهەلاتی ناوڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەلام بۆ هەر دژایەتیەکیش دەبێت هەر خۆت ببیتە سەنگی مەحەك و بەرگری لەخۆت بکەیت، گەر وانەبوو ئەوا هیچ شتێکت پێ ناکرێ و لەوانەیە تووشی شکستیش بیت، لێرەدا هەر کارێك کە من مەبەستم بێت. مرۆڤێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك بیەوێت بیکات، دێوزمەکان رێگەی پێنادەن، یانیش گەر رێگەیان دا بەقسەی لابەلا دژایەتی دەکەن. لێ گرنگ ئەوەیە کۆڵ نەدەن.

ئێمەش لەپێناو ئەو خەباتەی کە خۆمان هەڵمانبژاردوە، تا دوا هەناسە کۆڵ نادەیەن، سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتیکردنە، "بانگەشەی گۆڕان" هەرچەندە تەمەنی کوورتە، لێ توانیویەتی جێی خۆی بگرێت، لەبواری رۆژنامەوانیدا، بەتایبەت لەگەرمیان و ئەوانەی کە لەئەورووپاشن کۆمەڵێ نووسەری بەڕێز دەیبینن لەسەر سایتی ئەنتەرنێت، ئەوان دەبێت زیاتر هەڵسەنگاندنیان هەبێت دەربارەی بلاوکراوەکە، بەلایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانییەوە.

ئەوانەی کە دژایەتیمان دەکەن، لالەیەن هەندێ نامسۆل و کەسانی نابەرپرس لەملاوئەولا قسەی هیچ و لابەلا دەکەن. بابرۆن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەوجا قسەی لابەلا بکەن. ئەوانە نەك هەر دژی بواری رۆژنامەوانیین، بەڵکە دژی کتێب و هەموو کارێکی رۆشنبیرین لەشارەکەماندا، دووبارەی دەکەمەوە و باباش بزانن ئێمە وەکو بلاوکراوەی "بانگەشەی گۆڕان" هەروەکو چۆن توانیمان لەشارەکەدا ببین بەیەکەمین بلاوکراوەی ئازاد و ئەهلی سەربەخۆ، هەر ئاواش لەسەر سەربەخۆی و ئەهلی خۆمان بەردەوام دەبین و نەك هەر بەڵێنی بەردەوامیش دەدەین، بەڵکو پرۆژەی گەورەتر بەدەستمانەوەیە، بۆ زیاتر خزمەتکردن نەك بەو کەسانەی کە فکرەیان جام و گرتییە، بەڵکو بەقەڵمە نوێ و جورئەتەکان پەیمان دووپات دەکەینەوە لەپێناو بلاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان ئامادەین، خۆمان بەفەتارادا بدەین، هەروەها دەڵێم لەپێناو دەرخستنی راستتیەکاندا ئامادەین، تا دوا هەناسە بەرخۆدان بکەین.